Kurdi

TURKU

# ڕێنمایی بۆ تووشبووی ڤایروسی کۆرۆنا

- به فەرمانی بژیشکی پەتا دەبێت خۆت لە خەڵکی دیکە دوور بگریت.
- پەیوەندیت لەگەڵ کەسێک هەبووە کە نەخۆشیی کۆرۆنا هەبووە، بۆیە ڕەنگە کۆرۆنا تۆش گرتبێت.
- کەسی تووشبوو دەبێت ١٤ شەو و ڕۆژ لە کەرەنتینەدا بێت.
- لە کەرەنتینەدا:
  - تا بتوانیت کەم پەیوەندی لەگەڵ ئەندامەکانی دیکەی ماڵەکەت بکە
  - نابێت لە خەڵکی دیکە نزیک ببیت. دەتوانیت بۆ دەرەوە بچیت بەڵام دەبێت ٢ مەترە لە خەڵکی دیکە دوور بمێنیت.
  - نابێت بۆ نمونە بۆ دوکان، فرۆشگا، دەرمانخانە، سەرتاشی، وەرزش، کلیسە، مزگەوت یان شوێنەکانی دیکەی ئەوها یان بۆ چالاکیەکانی جەماوەری بڕۆیت چونکە لەو شوێنانە ئاسان نیە بتوانیت لە خەڵکی دیکە دوور بمێنیت.
  - منداڵ یان لاو نابێت بۆ باخچەی منداڵان یان خوێندنگە بڕۆت. کەسانی لە کەرەنتینەدا نابێت بۆ سەر کار بڕۆن.

شتەکانی کە ئیشارەت بە تووشبوونی کۆرۆنا دەکەن:

- سەرێشە
- لەدەستدانی هەستی بۆنکردن یان تامکردن
- پەسێو، گیراوبوونی لووت
- کوخە
- هەناسەتەنگی
- بێتاقەتی، ماندووبوون
- ئێشی ماسولکە
- قورگ ئێشە، کەرخیی قورگ
- تا
- هێڵنگ، ڕشانەوە
- سکچوون

ئەگەر هەندێک لە نیشانەی گونجاوی کۆرۆنا لێت هەبێت، تەلەفون بکە و کاتێک بگرە بۆ تێستی کۆرۆنا:

- تەلەفونی ڕاوێژکاریی کۆرۆنا لە تورکو **02 66 2714**
- تەلەفونی ڕاوێژکاریی کۆرۆنا لە بنکەی تەندورستیی خوێندنگە و خوێندکاران **02 266 2012**
- فریاکەوتنی گشتی لە دەڤەری تورکو 02 313 8800
- یارمەتیی فریاکەوتنی ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە 116 117

ئەگەر ناچار ببیت بۆ دۆکتور بڕۆیت، ماسک بەکار بێنە یان دەمولێوت بە کلینسێک بپۆشە.

**زانیاریی زیاتر:**

www.turku.fi/korona
www.turku.fi/se/corona
www.turku.fi/en/corona (included Google Translator)